# له چلەی کاکه چیا دا

# سوپاس و پێزانین له خێزانی کۆچانی و بانیخێڵانییەوە

## چیا گیان ئێمه تۆمان خۆشدەوێ. بۆیه دەژیین



هێشتا
دەرگای ژوورەکەتمان دانەخستووە
مۆمه نارنجییەکانیش بۆ تۆ دەسووتێن
هێشتا
شێی هەناسەکانی تۆ
به دەموچاومانەوەیه.
دایه گەورەیش هەورییەکی بۆت ناردووە

پڕ له مێخەک و گوڵەباخ.
ڕۆڵه ئەمه جەژنی له دایکبوونته
یان کەڕنەڤاڵی جێهێلان؟
نه دابڕان وا دەبێ
نه جیابوونەوەو دوا ژووان
کزەی جەرگەکەم چیا گیان.

چیا
پەپوولەی دایەو باوەو گوڵی سۆمای خوشکی بوو. ئازیزی کەسوکارو دۆست و هاوڕێیانی خێزانەکەمان بوو. لای مامۆستاو کچ و کوڕە هاوڕێکانیشی هێژاو خۆشەویست بوو.
چیا
خەونی دە ساڵی پێشمەرگایەتیی بوو. لاوێکی چوارده ساڵانی غوربەتی دایک و باوکی بوو.
چیا
هێشتا هۆنراوەیەک بوو به دەستمانەوە، له وێنەکانی ورد دەبووینەوەو لەهەر خوێندنەوەیەکیدا جوانییەکی ترمان دەدۆزییەوە.
ڕۆژی 16- 2 - 2005له کارەساتێکی دڵتەزێندا وەک مەلێکی شاخاویی باڵەکانی لەیەکداو ماڵئاوایی لێکردین.
چیا
جوان بوو وەکوو خۆی، میهرەبان وەکوو فریشته، خوێندکارو وەرزشوان بوو، بەڵام پێش تەمەنی خۆی کەوتبوو. چیا گوڵێک بوو شنەبا ڕفاندی.
کاتێک که بەخاکمان سپارد، ئاپۆرەیەک له دۆست و هاوڕێیانی کوردو سوێدیی و هیتر به ژن و پیاوو منداڵەوە هاتن له دارستانه کپەکەدا ماڵئاواییان لێکرد، هەروا له پرسەکەیشیدا.
دنیایەک پێزانین و سوپاس بۆ ئێوە خوشک و برایانی کوردی سوێد به گەورەو بچووکتانەوە، بەتایبەتی دانیشتوانی ستۆکهۆڵم. چاوی ئەو دەیان منداڵه ماچ دەکەین که گوڵیان هێناو له ئامێزیان گرتین و بۆ دواماڵئاوایی سەری ژوورەکەی کاکه چیایان دا.
سوپاس و پێزانین بۆ ئەو هاوڕێ و دۆسته هونەرمەندو نووسەرو ڕووناکبیرانەی له دوورو نزیکەوە هاتن. گوڵیان هێنا، یان به تەلیفۆن و ئیمایل و نامه، پێیان دەگوتین دڵمان لاتانه.
سوپاس و پێزانین بۆ هەردوو قوتابخانەی (سێترا و هیۆگەلید) به قوتابیان و مامۆستاو بەڕێوەبەرایەتییەکانیانەوە.
سوپاس بۆ مامۆستایانی زمانی کوردیی له ستۆکهۆڵم به ژن و پیاوەوە. سوپاس بۆ ئەو پەنجه وردیلانه که له دوو دەفتەری تایبەتدا به شیعرو پەخشان، باسی جوانییەکانی کاکه چیایان بۆ کردووین.
سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو حزب و ڕێکخراوو کەسایەتییه سیاسیی و کۆمەڵایەتییه کوردیی و سوێدییانەی له سوێدو کوردستان و عێراق و وڵاته جیاجیاکانی ترەوە هاتن، یان گوڵ و پرسەنامەو هاوخەمیی خۆیان بۆ ناردووین، به تایبەتی:
ـ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆک کۆماری عێراق.
ـ بەڕێز بیرۆی سیاسی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان.
ـ بەڕێز ناوەندی هەڵەبجه دژ به ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک).
ـ بەڕێز مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان.

**ـ بەڕێز مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.**
**ـ بەڕێز ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕێگای کوردستان، ڕزگاری و ...**

**سوپاس بۆ هەمووان**
**ئێوە لە ساتەوەختێکی سەخت و جەرگبڕدا گوڵ و سەبووری و خۆشەویستیتان بە ئێمە بەخشی. وامان دەزانی لە کەرکووک و دەربەندیخان و کفریداین. بۆنی کوردستانتان هێنا، یەک دنیاماڵتان ئاوابێت.**

**چیاکانی ئێوە بێوەی بن و چیاکانی کوردستانیش پارێزراو**

**دایک و باوک و خوشک و بابە گەورەی کاکە چیا**
**ڕێواس ئەحمەد**
**هاشم کۆچانی**
**سۆما کۆچانی**
**مەلا ئەحمەد بانیخێلانی**